هاوڵاتی
birura_hawlati@yahoo.com
ژمارە (٤٩٢) چوارشەممە ٢٠٠٩/١/٢١

# ـــــدەی کوردستان



خۆیان بەخاوەنی کوردستان نازانن، هەروەها من تەحەدای سیاسییەکان دەکەم، ئەگەر بڵێن ئەوە بۆ خەڵکی کوردستانە، ئەوان کاتێك دەتوانن ئەوە بڵێن، کە خەڵکی کوردستان بزانێ، چەند فرۆشراوەو کەی فرۆشراوەو بەکێ فرۆشراوەو پارەکەی لای کێیەو چۆن سەرفکراوە، ئەوان وەك ئەوەی لەگەڵ ماڵی بەتاڵان بردو مامەڵە بکەن ئاوا مامەڵە بەموڵكو دەستکەوتەکانی کوردستانەوە دەکەن، دیارە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە خۆیان بەخاوەنی نازانن، سەبارەت بە خۆشەویستیان بۆ خاكو نیشتمان مەسەلەی کەرکوك نموونەیەکی زیندووە، کە ئەویش بەڵگەی ئەوەیە سەرکردایەتی سیاسی

کورد لەوە بووەتەوە کە بەهیوای کەرکوك بن، من دەڵێم سەرباری ئـەوەی کە ئێمە سەرنجمان لەسەر مادەی ١٤٠و ناوەرۆکەکەی هەیەو نەدەبوو سەرەتا بچووینایەتە ژێر باری ئەو بەندەوە، بەڵام ئەگەر ئەو مادەیە لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکرایە، ئێستا دەمێك بوو کەرکوكو ناوچەکانی تریش گەڕابوونەوە سەر هەرێمی کوردستان. قسەکە ئەوەیە ئەو دوو شتەی کە سەرکردایەتی سیاسی کورد نییەتی دەبوو لای خەڵکی کوردستان هەبوایە.

**هـاوڵاتـی:** واتـە ئێستا ئێمە لەبۆشاییەکدا دەسوڕێینەوە، یان دەتوانین بڵێین ئینتما نەماوە یان زۆر لاوازە بۆ خاكو نیشتمان، بەڕای

ئێوە چون دەکرێ ئەو خۆشەویستیو بەرپرسیارێتییە بگێڕدرێتەوە؟

**شـۆڕش حاجی:** بە دروستکردنی فشاری سیاسی بۆ سەر سەرکردایەتی سیاسی، بە کۆبوونەوە، بەنووسین، بـەوانـەی خەڵکی باشن لەناو حزبەکان کاریگەرییان هەبێت لەسەر سـەرکـردایـەتـی سیاسی خۆیان، کاریگەرییان هەبێت لەسەر جەماوەر، بەکۆی هەموو ئەوانە دەکرێ وایان لێبکەن کە هەڵوێستەکانیان بگۆڕن، یان وازبێنن لە پۆستەکانیان تاخەڵکی تر جێگەیان بگرنەوە کە خۆشەویستییان بۆ خـاكو نیشتمان هەیەو هەست بەبەرپرسیارێتی دەکەن لەبەرانبەر کوردستاندا.

**هاوڵاتی:** ئایا رێگاچارەکان هەر ئەوانەن کە باسکران یان دەکرێ خەڵك بیر لە رێگاچارەی تریش بکاتەوە؟

**د.سـەلام عەزیز:** ئەو دوو پارتەی ئێستا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، بە رێگای هەڵبژاردن هاتوونەتە، سەر کورسی دەسەڵات، خەڵکیش ئەگەر لەوان نارازییە لە هەڵبژاردنی ئایندەدا دەتوانێت گۆڕان بکاتو دەنگ بدات بەلیستێکی تازە، کە متمانەی ئەوەی پێدەکات بەخەمی کێشەکانی خەڵکی کوردستانەوەبن، نموونەمان زۆرە بۆ ئەو کارە، تازەترین نموونەش لەئەمریکا خەڵك گلەیی هەبوو لەسیاسەتی بوش لەعێراقدا، بۆیە لە هەڵبژاردندا بۆیەکەمجارە کە کەسێکیان هەڵبژارد سەر بەکەمایەتی بوو لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسایەتییە نەمێژووی سیاسی هەبوو نە زۆر ناسرابوو، بۆ لە کوردستانیش کوردستانییەکان خەڵکی کورد دەتوانن کارێکی وابکەنو دەنگی خۆیان بدەنە لیستێکی تازەو بەو شێوەیە گۆڕانکاری بکەنو دۆزەکەیان بەرنە پێشەوە.

**هـاوڵاتـی:** بـەڵام ئایا ئیمکانی ئەوەهەیە کە بەدەر لەپارتیو یەکێتی بیر لەوەبکرێتەوە دەسەڵات بگیرێتە دەست؟

**د. رێـبـوار فەتاح:** من ئەگەر بەکورتیو بەکوردی بڵێم هیچ بڕوایەکم بە پارتیو یەکێتی نەماوە کێشەکان چارەسەر بکەن، تەنانەت من ئیتر ناتوانم وەك دوو پارتی سیاسی سەیریان بکەم، ئەگەر بکرێت لەدەرەوەی ئەوان بیر لەوە بکرێتەوە کە کۆمەڵێك لەخەڵکی دڵسۆزو پرۆفیشناڵ لەدەوری یەکتر گردببنەوەو بەرنامەیەکی رۆشن بۆ هەڵبژاردن ئامادەبکەن، دیارە من مەبەستم ئەوەنییە کە بەم کارە بتوانرێت دەسەڵات لەدەست ئەوان دەربهێنرێت، بەڵام دەبێت ئەوان کۆکبن بۆ ئەوەی بتوانن گۆڕان بهێننە ئاراوەو تەحەدای ئەو وەزعـە بکەن کە بەرئەنجامی هەڵەی پارتیو یەکێتییە، چونکە ئەو تەحەدایە دەتوانێت کاری لەسەر بکرێتو هیوایەك لەخەڵکدا پەیدا بکاتەوەو ببێتە سەرەتایەك بۆ گۆڕان، بۆیە دەبێ ئەو گروپە لەسەرەتاداو لەم کارەیاندا ئەوەندەی بیر لە گۆڕان بکەنەوە ئەوەندە بیر لەدەسەڵاتگرتنە دەست نەکەنەوە.

**هاوڵاتی:** بەڵام بابیرمان نەچێت، پارتیو یەکێتی دوو هێزی سیاسی بەهێزنو تائێستا تـەواوی هێزی سەربازیشیان بەدەستەوەیە، ئەوان خۆیان بەخاوەنی کوردستان دەزانن، ئایا ئەم کارە ئەوەندە ئاسانە تا ئەوان بەئاسانی تەسلیم بە ئەمری واقع ببن؟

**د. رێـبـوار فـەتـاح:** دیـارە من نایشارمەوە ئەوە بەکارێکی ئاسان نـازانـم، وە پـارتـیو یەکێتیش بەحزبەکانی ئێرە (بەریتانیا) نازانم تا بەئاسانی دەستیان لەیەخەی دەسەڵات ببێتەوەو ئامادەبن بگۆڕدرێن، ئەوان دەزگای داپڵۆسینیان هەیە، پەیوەندی نێودەوڵەتیو هاوپەیمانی بەغدادیان هەیە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە رەنگە دەوڵەتانی دراوسێ ئەوانیان لا باشتر بێت لەدەسەڵاتدا بمێننەوە تا لایەنێکی تر بێتە پێشەوە. بەڵام لەم کارەدا دەکرێ داوا لەهێزە ناوخۆییەکان بکرێت وەك دەزگای ئاسایشو پۆلیس کە بێ لایەن بمێننەوە، وەدەکرێ لیستەکە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی خۆی بدات لەگەڵ هەموو لایەنەکان تا فشاری لەسەر کەمبێتەوە.

**سەباحی غـالـب:** کەواتە دەبێت لەپێشدا بپرسین ئایا لەڕاستیدا هیچ هەوڵێکی وا لەئارادایە، یان هیچ گروپێك هەیە خۆی بۆ ئەوکارە ئامادەکردبێت لەسەر ئاستی عێراقو کوردستان بچێتە ناو ئەو گەمەیەوە، چونکە ئەگەر هەیە دەبێت بەزوویی بچێتە ناو خەڵکەوەو خۆیان بناسێنن، چونکە ئێستا ئێمە لەمانگی یەکداینو وابـڕیـارە لەناوەڕاستی ئەمسالدا هەڵبژاردن بکرێت، (ئەگەر بکرێ) وەئەمەش کـارو ئیمکاناتی خۆی دەوێت، بۆیە باشتروایە ئێمە قسە لەوە بکەین.

**د. سـەلام عـەزیـز:** من لام وایە بۆ ئەوکارە دوو رێگا لەبەردەمدا هەیە، یەکەم ئەوەیە کە چوار پارتە کوردییەکەی تر لەهەوڵی ئەوەدان کە زیاتر لەیەکتر نزیکببنەوەو کار پێکەوە بکەن تابتوانن فشارەکانیان بۆ سەر حکومەتی ئێستا زیاتر بێتو گۆڕان بهێننە ئاراوە، لەلایەکی تریشەوە، کەسانێکی تر هەن کە زیاتر لەکەسانی سەربەخۆو گروپە بچووکەکان پێکدێن ئەوانیش دەیانەوێت لەوبارەوە کارێك بکەنو دەوریـان هەبێت لەچۆنیەتی چاکردنی هەلومەرجی کوردستانداو دەیانەوێت خۆیان وەك بەرەیەکی سەربەخۆ مەترەح بکەن.

**هاوڵاتی:** پرسیاری گرنگە ئەوەیە ئایا ئێستا لەکوردستان خەڵك گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی دەبێت دەنگ بدەن بەخەڵکانێکی تر جیا لە پارتیو یەکێتی، یان ئەو رۆحییەتە لەناو خەڵکدا پێگەیوەو دروستبووە؟

**د. محەممەد حاجی:** من لام وایە ئێستا خەڵکی کوردستان بەشوێن ئەلتەرناتیڤێکی باشدا دەگەڕێن تادەنگو متمانەی خۆیانی بدەنێ، پارتیویەکێتیش ئـەو راستییە دەبیننەوە، نەچوونو ئامادەنەبوونی خـەڵـك بـۆ خـۆنـاونـوسـکـردن بۆ هەڵبژاردن ئەوە ئاماژەیەکی گرنگە بۆ ئەو مەسەلەیە، وە ئەوە بەتەنها رەتکردنەوەی سیاسەتو هەڵوێستی پارتیو یەکێتی نییە بگرە نیشاندانی رەتکردنەوەی ئەو حیزبانەی تریشە کە ئێستا هەن لە ساحەکەدا، بۆیە لام وایە رەنگە ئێستا باشترین فرسەتبێ بۆ ئـەوەی کە گۆڕانکاری بکرێو ئەلتەرناتیڤێکی تازە نیشان بدرێ.

**هـاوڵاتـی:** گەمەی هەڵبژاردن، گەمەیەکە کە ئیمکاناتی مادی زۆری دەوێـــت، بەرانبەرەکەشت لەوبارەوە دەستکراوەیە، مەکینەی زەبەلاحی راگەیاندنی لەبەردەستدایە، هەزارەها فەرمانبەری حزبی هەیە کە مەعیشەتیان بەستراوەتەوە بەحزبەوە، واتە تۆ دەچیتە شەڕێکەوە کە زۆر نابەرابەرە، پرسیار ئەوەیە کە ئایا تاچەندە ئیمکانی ئەوە دەبێت کە ئەو بەدیلە تازەیە لەو گەمەیەدا سەرکەوتووبێت؟

**د.محەممەد حاجی:** بەڵێ دەتوانرێ، چونکە مەرج ئەوەنییە کە کێ پارەی زۆرو دەزگای زەبەلاحی لەبەردەستدایە، گـرنـگ ئـەوەیـە کـە ئـەوان لەو دەزگایانەیانەوە چی بەخەڵك دەڵێن، چۆن دەتوانن هەڵەکانی رابردوویان راسـت بکەنەوەو لەبیری خەڵکی کوردستانی بەرنەوە، خۆ هەر ئێستا پارتیو یەکێتی لەهیچیان کەم نییە ئەی باشە بۆ خەڵکی کوردستان هەر لێیان نارازییەو داوای گۆڕانکاری دەکەن، ئێستا کۆمەڵێك دەنگی سەربەخۆ هەیە لەکوردستان کە بە ئیمکاناتێکی کەمیشەوە کاردەکەن بەڵام توانیویانە سەرنجی خەڵکی کوردستان بۆلای خۆیان راکێشن، ئەگەر ئەو چەند دەزگا سەربەخۆو ئەهلییە پشتیوانی لە لیستە سەربەخۆکان بکەن من لام وایە خەڵکی کوردستان متمانەیان پێدەکەن، وە ئەگەر ئێمە بە راستی باس لە گۆڕانکاری دەکەین دەبێت ئەم کارە بەئەرکی بەهەموو ئەوانە بزانین کە قسەیان لەسەر گۆڕانکاری هەیە، با رۆشنبیرەکان بەشداری بکەنو پشتیوانی لەقسەکانی خۆیان بکەن کە داوای گۆڕانکاری دەکەن، بۆیە هەرکەسێك داوای گۆڕانکاری دەکات دەبێت لەپێش هەرکەسێکدا خۆی بەوکارو ئەرکە هەستێت کە دەکەوێتە سەرشانی، دیـارە ئەم کارە ئەركو زەحمەتی خۆی هەیەو کاری واگەورەش بێ ئـەركو زەحمەت ناکرێ، بەڵام لەوەش دڵنیام ئەگەر کارەکە بەجدیی لەلای هەموو ئەوانەوە سەیربکرێت کە ئەمڕۆ نارازین ئەوا سەرکەوتن ئاسانترو مسۆگەر تردەبێت.

**سەباحی غالب:**
**کەرکوك بەشێکە لەو ناوچانەی خوارووی کوردستان کە داگیرکراون، ئەو ناوچانە ئەگەر بەچاوی داگیرکراوی سەیری نەکرێن، لام وایە هیچ هەوڵێکی جدیش نادرێت بۆ رزگارکردنیان، وەئەگەر کەرکوك بوو بەناوچەیەکی سەربەخۆ ئەوە مانای ئەوەیە کە دیسانەوە کوردستان دابەشدەکرێتەوە**